# دلاوەر قەرەداغی بە مەلەك ریحان ئاویزانی گەنجانی رانیە دەبیت

**لە هیڤارەوە**

لە چوارچیوەی ئەو کارو چالاکیە بەردەوامانەی کە سەنتەری چالاکی گەنجانی رانیەی سەر بە ریکخراوی منداڵپاریزی کردستان لە چوار چیوەی وەرزیکی پر لەچالاکی رۆشنبیریدا بە ئەنجامی دەدات رۆژی پینج شەممە ریکەوتی ٢٠٠٦/٧/١٣ کاتژمیر ٥,٣٠ ئیوارە لە هۆڵی پینجی ئازار بەشی رۆشنبیری سەنتەری گەنجانی رانیە هەڵسا بە سازدانی کۆریکی شیعری بۆ شاعیری بە توانای گەلەکەمان ( دلاوەر قەرەداغی ) لە ژیر ناوی( مەلەك ریحان ) لە سەرتای کۆرەکە (هەمزە گولآنی )ی شاعیر لە حزووری مەلەك ریحاندا پەیڤیکی شیرینی خویندوە دواتر دنیای پر لە ئەفسوونی قەسیدەکانی دلاوەر کە پر بوو لە روحی عیشق و نیشتمان و سەفەری باڵندەکان ،کە پر بوو لە قەترە فرمیسکەکانی ( ئەریٚ گوڵی خواکەی گوڵی) و تەڑی بوو لە جوانی و ئەفراندن ، ئیوارەیەکی پەمەیی دەنەخشاند جیاواز لە ئیوارانی تر .ئەمەو (سەرکەوت بورهان )یش بە ئامیری( فلووت )و بە دلۆپە بارانەکانی مۆزیکیکی نەرم چلە ریحانەکانی قەرەداغی مەست دەکرد

لە ویدا ژیان خۆی گرمۆلە کردبووە ناو هیلانەی چۆلەکەیەکەوە ، لە دەرەوەی بوعدەکانی زەمەندا گۆرانیەکی شیتانەی دەووت مەلەك ریحان ...... گەڕاندنەوەی سەروەری بوو بۆ گوڵو هینانەوەی بەرامەی ریحانەکانی ئەوینە، لەویدا سالاری لەدەستی جەللادەکان ستانرایەوە و گوڵ کرا بە پادشای ئاواییەکانی ژیان، مەلەك ریحان وورد بوونەوە بوو لە پانتاییەکانی بەرائەتو پاڵ کەوتن بوو لەژیر ساباتی موحیببەت دا، لە مەلەك ریحاندا جاریکی تر نالی بە بەردەرگای ماڵی حەبیبەدا رۆیشت و وەلی گۆزەکەی شەمی پڕ کرد لە بارانی شیعر.

کۆرەکە ماوەی کاتژمیر و نیویکی خایاند و لە لایەن ( هیمن عەبداللە ) بەریوە براو ریژەیەکی زۆری گەنجانی کور و کچی ناوچەکە تییدا ئامادەبوون ،

پیویستە بوتریت سەنتەری چالاکی گەنجانی یەکیکە لە ناوەندە چالاکانی ناوچەکە و کە ویرای چەندین چالاکی هونەری و رۆشنبیری و وەرزشی . هەموو رۆژانیکی پینج شەممە کۆر و سیمیناری رۆشنبیری ئەنجام دەدات .









